کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
12-6-2007 18:18بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بەڵێ یەکگرتوو تا سەر ئێسقان کوردایەتی دەکات ... ئازاد ئەحمەد ڕەسول

Aza_hewlery@yahoo. com

لەم ڕۆژانەدا بەرێزێك لە کوردستان نێت بابەتێکی نووسیبوو لەسەر بەشداری یەکگرتوو لە کۆنگرەی قاهیرە هەرچەندە بە ویژدانەوە هەندێ ڕاستی ڕووداوەکانی باس کردبوو بەڵام بەداخەوە کەوتبووە هەندێ هەڵەوە ئەویش ئەوەبوو کە لە کۆتاییدا نووسیبووی یەکگرتوو پەیوەندی بە کوردایەتیەوە نیە، منیش هەروەکو وەڵامێکی کورت بە ئیمەیڵ وەڵامم دایەوە بەڵام ئەو بەرێزە هەر ئینکاری دەکرد و سێ پرسیاری لێ کردووم ووتی بیر بکەوە لە کوردایەتی یەکگرتوو، منیش پاش بیرکردنەوەم وەڵامی پرسیارەکانیم بەو شێوەیە دایەوە:

1. یەکگرتووی ئیسلامی چی باشی کردوە بۆ کورد، ئایا تا ئێستا نەخۆشخانەو مەکتەب و کافتریا و پارکی دروست کردوە؟ ئەمەی سەرەوە یەکەمین پرسیاری ئەو بەرێزە بوو کە نەك رۆشنبیرێك بەڵکو کەسێکی ئاسایی ئەو پرسیارە ناکات چونکە دروستکردنی مەکتەب و نەخۆشخانەو کافتریاو... ئەوانە ئیشی حکومەتە نەك هی حیزب، وا بزانم هێشتا زووە بڵێی یەکگرتوو چی باشی کردوە بۆ کورد چونکە یەکگرتوو دەستەڵاتی لەدەست نیە تا بڵێین چی باشی کردوە بۆ کورد؟ هەرچەندە دەتوانم بڵێم یەکگرتوو دەستێکی باڵای هەبووە لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، برۆ بۆ گوندەکان ئەو راستیەت بۆ دەردەکەوێت هەر لە دروستکردنی مزگەوت و بنکەی تەندروستی و مەکتەب ئەوەی پێی کرابێت دریغی نەکردوە، بۆنموونە دروستکردنی نەخۆشخانەی هێڤی لە شاری دهۆك بە (300000) دۆلار چەندین نموونەی تری هاشێوە لە شارەکانی تریش، بەس باوەر ناکەم تۆیەك لە ئەڵمانیا تا ئێستا ئەو راستیانەت بینیبێ، لەوانەیە ئێستا بڵێی ئاخر یەکگرتوو تەنها مزگەوتی دروست کردوە، ئەوەیان راستە بەڵام دەزانی بۆ؟ چونکە هەر لە کۆنەوەو بگرە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت مزگەوت شوێنێك بووە بۆ کۆرو کۆبوونەوەو خۆشی و ناخۆشی و ووشیارکردنەوەو پێگەیاندنی کەسانی کورد پەروەرو نیشتمان پەروەر ئەگەر بگەرێنەوە بۆ مێژوو ئەو راستیەمان بۆ دەردەکەوێت هەموو سەرکردە شۆرشگێرەکانی کورد وەکو مەلا موستەفاو قازی موحەمەد و شێخ مەحمود و زۆری تریش بەرێزم ئەمانە هەموویان پەروەردەی کونجی مزگەوتەکان بوون، مزگەوت رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو بۆ خزمەتکردنی شۆرشەکانی کورد، بۆیە تا ئێستا مزگەوت مەکانەتێکی بەرز و پیرۆزی لە زیهنیەتی خەڵکی کوردستان هەیە، ئەوە بە کورتی لەلایەکی تریش ئەو خەڵکە خێرخوازەی کە پارەکەیان دەنارد هەبوو دەیوت من دەمەوێ پارەکەم لە دروست کردنی مزگەوت خەرج بکەن، هەبوو دەیوت من ئەوەندە منالی بێ باوك کەفالەت دەکەم، زۆریشیان نەخۆشخانەو قوتابخانەیان دروست کردوە. دوایی بەرێزم یەکگرتوو ئەگەر هەر هیچی نەکردبێت ئەوەندەی بەسسە کە دەستی بە خوێنی رۆڵەی ئەم کوردستانە سوور نەبووە، ئەوەندە بەسسە بۆ یەکگرتوو کە کۆمەڵێك ئەندامی خۆی پەروەردەکردوە لەسەر دەستپاکی و داوێن پاکی کە ئەگەر بێتو سبەینێ یەکگرتوو دەستەڵات بگرێتە دەست بە دڵنیاییەوە بەهۆی ئەو ئەندامە دەستپاکانەی دەتوانێت ئەو قەیرانە ئیداریەی ئێستا حکومەتی هەرێمی تێکەوتووە کە بریتیە لە گەندەڵی و دزی چارەسەر بکات، ئەوە نەك هەر رای من بەڵکو رای زۆرێك لە رۆشنبیرە دیارو جددیەکانە کە خۆیان نەفرۆشتووەو شتە جوان و ناشرینەکان وەگ خۆی پیشان دەدەن، ئەندامێکی یەکگرتوو کە کێشانی جگەرە بە حەرام بزانێت چۆن سامان و داهاتی ئەو هەرێمە بە دزی و گەندەڵی بە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەدەر دەبات؟ لەلایەكی ترەوە ئەگەر یەكگرتوو نەبووایە لەوانەیە ئێستا ئەو كۆمەڵە گەنجەی یەكگرتوو كۆی كردوونەتەوەو بە بیری نەتەوایەتی و پەروەردەیەكی ئیسلامێكی میانرەو پێی گەیاندوون، لایەنە توندرەوەكانی تر ئەو گەنجانەیان بۆ خۆیان گل دەداوەو ئێستا دەبوون بەلایەك بەسەر ئەم حكومەتەوە ئەرێ وا یە یان نا؟

2. یەكگرتوو كامیانی پێ باشترە دەوڵەتێكی ئیسلامی عێراقی یان دەوڵەتێكی سەربەخۆی كوردی؟

بەرێزم تۆ یان زۆر بێ ئاگای یان دەتەوێ ڕاستیەكان بشاریەوە ببورە كە ئەو قسەیە دەكەم هیوادارم هەر بێ ئاگا بی نەك شاردنەوەی ڕاستیەكان. بەرێزم یەكگرتوو هەمیشە داكۆكیكەرێكی سەرسەخت بووە لە ماف و دەستكەوتە ڕەواكانی گەلی كوردستان، نازانم ئاگاداری یان نا كە دەنگەكانی یەكگرتوو بوو لە پەرلەمانی عێراق بووە هۆی پەسەندكردنی پرۆژی فیدرالی كە ئەگەر دەنگەكانی یەكگرتوو نەبووایە پرۆژەكە دەنگی پێویستی بەدەست نەدەهێناو پەسەند نەدەكرا، بەرێزم ئەمە ناو دەنێی چی؟ لە زۆرێك لە مەسەلەكانی تر و یەكگرتوو لە زۆربەی كۆرو كۆبونەوە جیهانیەكان هەلی قۆستۆتەوەو داكۆكی لە مافە ڕەواكانی كورد كردوە بە ڕاددەیەك لەلایەن هێزە ئیسلامیەكانی تر یەكگرتوو زیاتر بە حزبێكی نەتەوەیی ناسراوە و بەوە ڕەخنەی لێ دەگرن كە ئەوەندەی داكۆكی لەمەسەلە نەتەوەییەكان دەكات ئەوەندە داكۆكی لە مەسەلەكانی تر ناكات، یەكگرتوو دەڵێ كێشەی كورد كێشەیەكی نەتەوەییە نەك ئیسلامی، یەكگرتوو دەیەوێت بە سوود وەرگرتن لە ئیسلام خزمەت بە كورد بكات و كێشەكەی چارەسەر بكات هەروەكو چۆن تورك و فارس و عەرەب توانیان بە ئیسلام سوود بەنەتەوەی خۆیان بگەیەنن و دەوڵەت دروست بكەن ئەوە هەڵەی خۆمانە كە نەمان توانیوە ئیسلام لە خزمەت كێشەی كورد بەكاربێنین.

یەكگرتوو لە زۆربەی خاڵە چارەنووسازەكاندا لە گەڵ سەركردایەتی كورد هاوهەڵوێستە، یەكگرتوو لە زۆربەی ئەو كۆرو كۆبونەواندا كە لایەنە ئیسلامیە سوونیەكانی عیراق بانگهێشتی كردون كاتێك ئامادەنەبوونەو دان بە سەرەتایی ترین مافی كورد بنێن كە فیدراڵیە یەكگرتوو كشاوەتەوە لەو كۆبونەوانە، ڕووناكبیری كورد ڕێبین هەردی لە یەكێگ لە ڕۆژنامەكان زۆر بە ئاشكرایی ئەو هەڵوێستەی یەكگرتووی بەرز نرخاندوە ئەمە ناو دەنێی چی؟

یەكگرتوو بە باكگراوندێكی ئیسلامی دەیەوێت داكۆكی لە مافەكانی كورد بكات، یەكگرتوو توانیویەتی كاریگەری هەبێت لەسەر بۆچوونی لایەنە ئیسلامیەكانی گۆڕەپانی سیاسی عێراق، یەكگرتوو بەو لایەنانەی ووتوە كە یەكپارچەیی خاكی عێراق دەقێكی قورئان نیە، چۆن خوا ئەو مافەی دابێت بە عەرەب دەوڵەتی هەبێت بە هەمان شێوە ئەو مافە بە كوردیش دراوە، لایەنی كەم پێی سەلماندوون كە بە دینی نەزانێت كە دژایەتی خواستی كورد بكات بەو ئیسلامەی ئەوان باوەڕیان پێیەتی یەكگرتوو پێی ووتون هەر بە هەمان ئیسلام ئێمەش داوای مافی میللەتەكەمان دەكەین.

1- یەكگرتوو لە كوردێكی ئێزدی یان كاكەیی و ئەهلی حەق و جوولەكە نزیكترە یان لە موسڵمانێكی چیچانی و ئەفغانی؟

یەكگرتوو قەناعەتێكی هەیە ئەویش ئەوەیە كە هەموو مرۆڤەكانی سەر ئەم زەمینە بە برای خۆی دەزانێت، دەبێت هەمووومان هاوكار و هاوخەمی یەكتربین لە خۆشی و ناخۆشیەكاندا لەگەڵ یەكبین، هەمووومان یان لە ڕووی نەتەوەییەوە براین و لەیەك نزیكین ئەگەر نا لە ڕووی دینەوە لەیەك نزیكین هەڵبەتە تەنها مەبەستم دینی ئیسلام نیە مەبەستم دینەكانی تریش وەكو مەسیحیەت و جوولەكەو ئەوانی تریش ئەگەرنا لە ڕووی ئینسانیەتەوە هتد ... بەدڵنیاییەوە یەكگرتوو لە كوردێگی ئێزیدی نزیك ترە تا لە موسڵمانێكی چیچانی و ئەفغانی ئاخر با هەر من بلێم من نزیكترم لە موسلمانیكی ئەفغانی

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەڵام دەتوانم چی بۆ بکەم ئەوەی پێم بکرێ هەر هەڵوێستێکەو بەس ئاخر با هەر خۆم بە نزیکی بزانم چی بۆ بکەم کاتێك ئەو لەوسەری دنیا بێ و منیش لەم سەر. لە هەر کونجێکی ئەم دنیایە میللەتیك غەدری لێ بکرێت و بچەوسێنرێتەوە تۆ دەبێ هاوغەمی بی هەوڵویستت هەبی جا ئەو میللەتە هەر دینێکی هەبێت، نازانم لە کوێ گوێت لێ بووە یەکگرتوو خۆی لە موسڵمانێکی ئەفغانی بە نزیکتر زانیبێت؟ دەتوانی پێم بڵێی لە کام شوێن و کەی و چ ئەندامێکی سەرکردایەتی ئەوەی ووتوبێت؟ ئیشی یەکگرتوو تەنها لە کوردستانە هیچ پەیوەندیەکی بە ناوەراست و باشوری عێراقیش نیە چ جای ئەفغنستان و چیچان.

لە کۆتاییدا هەرچەندە ئەوە پەیوەندی بە باسەکەمانەوە نیە بەڵام هەر بۆ زانیاریت تا ئێستا یەکگرتوو تاکە حیزبە کە دوو ئافرەتی لە مەکتەبی سیاسی هەیە، ئایا پارتی و یەکێتی کە خۆیان بە دوو حیزبی مۆدێرن و عەلمانی وپێشکەوتوو خواز لە قەڵەم دەدەن سەری زمان و بنی زمانیان مافی ئافرەتە ئایا لە مەکتەبی سیاسی هەردوولا ئافرەتیان هەیە ئەندام مەکتەبی سیاسی بێت؟

هیوادارم سەرتم نە هێشاندبی و ئیزعاجم نەکردبی، تەنها ویستم بە کورتی رای خۆمت پێ بلێم داوای لێ بوردنیش دەکەم کە ئەکەر قسەیەکم کردبی هەستم بریندار کردبی. ئەوەش بزانە کە من نووسەر نیم و خۆشم بە نووسەر نازانم تەنها موتابەعەی ڕووداوەکان دەکەم بشزانە یەکگرتوو مەلائیکەت نیە لە ئاسمانەوە هاتبێتە خوارەوە ئەوانیش ئینسانن و غەلەت دەکەن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.